# سروودە نیشتمانییەکان

ئامادەکردنی/ ئومێد کاکەڕەش

ساڵی ١٩٩٧

تایپکردنەوەی/ زریان سەرچناری

ساڵی ٢٠٥

# نەورۆز

ئەم ڕۆژی ساڵی تازەیە نەورۆزە هاتەوە
جەژنێکی کۆنی کوردە بەخۆشی و بەهاتەوە
چەند ساڵ گوڵی هیوای ئێمە پێپەست بوو تاکوو پار
هەر خوێنی لاوەکان بوو گوڵی ئاڵی نەوبەهار
ئەو ڕەنگە سوورە بوو کە لە ئاسۆی بڵندی کورد
مژدەی بەیانی بۆ گەلی دوور و نزیک ئەبرد
نەورۆز بوو ئاگرێکی وەهای خستە جەرگەوە
لاوان بەعەشق ئەچون بە بەرەوپیری مەرگەوە
وا ڕۆژ هەڵات لە بەندەنی بەرزی وولاتەوە
خوێنی شەهیدە ڕەنگی شەفەق شەوق ئەداتەوە
تا ئێستا ڕوی نەداوە لە تاریخی میللەتا
قەڵغانی گوللە، سنگی کچان بێ لە هەڵمەتا
پێی ناوێ بۆ شەهیدی وەتەن شیوەن و گرین
نامرن ئەوانە وا لە دڵی میللەتا ئەژین

پیرەمێرد

# تا دەس لە مل هیوا نەکەم

تادەس لە مل هیوا نەکەم
شەرتە نەنیشم قەت بەتاڵ
بۆ لاوی تازەی قەومی کورد
ببمە نموونە یا میسال
بۆتە شیعار و کردەوەم
سەربەستی و ئازادی وەتەن
لەم ڕێگە زاریش بم زەبوون
نابینم ئاساری مەلال
هەوڵ و کۆششم لازمە
بۆ خزمەتی هاومیللەتیم
ڕۆحێ لە ڕێگای میللەتا
نەی بەخشم ئەی نێمە چاڵ

زێوەر

# واوەتەن

واوەتەن خەمڵیوە وەک گوڵ

نەوبەهاری میللەتە

شادومانی قەومی کوردە

ڕۆژی هەوڵ و هیممەتە

میللەتی کورد موڵکی سەربەستی

ئەخاتە دەستی خۆی

جانفیدایی گەر نەکا

هەرکەس بەشی ئەو لەعنەتە

زەڕەیەک خاکی وەتەن

نادەم بەقەسری قەیسەری

جۆگەلە و کانی وەکوو کەوسەر

هەوای وەک جەنەتە

زێوەر

# چەند شیرینە لام

چەند شیرینە لام دار و بەردی وەتەنم
بەفیدای ئەکەم سەر و گیان و بەدەنم
خاکی وەتەنم گشتی زیو و زەڕە
بەردی وەک گەوهەرە، ئاوی چەشنی کەوسەر
فەرزە بۆ وەتەنمان گیانفیداکردن
لەڕێی ئەم خاکەدا بە کۆمەڵ مردن
دەسا کوردینە بەسییە ئەم حاڵەتە
بۆ بەرزێتی قەومی کورد، ئەمڕۆ ڕۆژی هیمەتە

بەختیار زێوەر

# براینه له خەو هەستن

براینە لە خەو هەستن بەیانە
زەمانی هەوڵ و عیلم و حورڕیانە
هەموو قەومێ بە دائیم تێ دەکۆشن
لە ڕێگەی عیلم و فەندا دڵ بە جۆشن
ئەرێ کوردی فەقیری بێ کەس و غەم
هەتا کەی ئەم زەهری نەزانی ئەنۆشن
وەتەن پڕ لەشکری جەهلە ڕەفیقان!
دەری کەین با بە ئوردوی عیلم و عیرفان
بە یەک دڵ با لە بۆ پێشکەوتنی کورد
هەوڵ دەین تا بگەینە قەسدی خۆمان

بەختیار زێوەر

# ئەی کوردینە

ئەی کوردینە ئەی مەردینە
با دەست لەناو دەست کەین هەموو
بۆ بەرزییەتی خاکی وەتەن
بۆ یەکێتی بچین هەموو، کوردین هەموو
بێکەس نییە دایکی وەتەن
ئێمە فیداکاری ئەوین
تا کورد لە عالەم دەرکەوێ
بۆ یەکێتی بچین هەموو، کوردین هەموو
ئەجدادمان شێری زەمان
حوڕبوون بە سەربەستی ژیان
باکمان نییە ئێمەش لە کەس
بۆ یەکێتی بچین هەموو، کوردین هەموو

زێوەر

# دیمەنی کوردستان

کوردستان جێگەی بەچکە شێرانە
جێگای هەوارگەی کورد و گۆرانە
خوایە هەر خۆش بێ بۆمان تا سەربێ
پاشماوەی خاکی ماد و بابانە
خۆشترین جێگای ڕووی سەر زەمینە
بە هەشتی ئاوای ڕۆژی دواییینە
خوایە ئاوا بێ نەیکەی وێرانە
چەندە دڵگیر و جوان و شیرینە
گەر باوەڕناکەی هەڵسە بێرە لام
بتگێڕم بەناو پێنجوێن و پیرمام
بتبەم بۆ سۆلاڤ بۆ پیرەمەگرون
شەقڵاوە و قەندیل با بتکەن سەرسام
هەر کەس نەیدیبێ خاکی کوردستان
نازانێ خۆشی ژیانی ئینسان

هاوار

# ئەی ڕەقیب

ئەی ڕەقیب هەر ماوە قەومی کورد زمان
نای شکێنێ دانەری تۆپی زەمان
قەومی کورد هەستایە سەرپێ وک دلێر
تا بە خوێن نەخشی بکا تاجی ژیان
کەس نەڵێ کورد مردووە کورد زیندووە
زیندوە قەت نانەوێ ئاڵاکەمان
ئێمە ڕۆڵەی میدیا و کەیخوسرەوین
دینمانە ئایینمانە نیشتمان[1]
ئێمەڕۆڵەی ڕەنگی سوور و شۆڕشین
سەیریکەن خوێناویە ڕابوردومان
کەس نەڵێ کورد مردووە کورد زیندووە
زیندووە قەت نانەوێ ئاڵاکەمان
لاوی کورد هەر حازر و ئامادەیە
گیان فیدایە گیان فیدایە گیان فیدا

دڵدار

[1] ئەوانەی ئەو دەستە واژەیە ناڵێنەوە دەتوانن بڵێن: ژینمانە دائیمەن

# خوایە وەتەن ئاواکەی

خوایە وەتەن ئاوا کەی *** چەند دڵگیر و شیرینە
دەشتی خۆش و ڕەنگینە *** ئاوی کەوسەرە خاکی گەوهەرە
پڕ لە گوڵ و نەسرینە
سەیرانگای بەهارانی *** سەوزەگیای نەرم و جوانی
سەد دڵ ئەبێ حەیرانی *** ئاوی کەوسەرە خاکی گەوهەرە
پڕ لە گوڵ و نەسرینە
شاخی بەفرین و بەرزە *** بۆ ڕابوردومان ڕەمزە
چیمەنی جوان و سەوزە *** ئاوی کەوسەرە خاکی گەوهەرە
پڕ لە گوڵ و نەسرینە
ئەم شوێنە شوێنی کوردە *** جێی قارەمان و مەردە
لانەی شێری نەبەردە *** ئاوی کەوسەرە خاکی گەوهەرە
پڕ لە گوڵ و نەسرینە
وەتەن چاوی لێمانە *** دەری کەین لە تەنگانە
حەیفە بێتە وێرانە *** ئاوی کەوسەرە خاکی گەوهەرە
پڕ لە گوڵ و نەسرینە

بێکەس

# ئەی دلێران

ئەی دلێران بێچوە شێران *** بەسییە هەستن لە خەو وا بەیانە
بۆ بەرزی قەومی کورد *** تێکۆشن دەست و برد
چاوی لێتانە دایکی وەتەن

عالەم ئەمڕۆ هەر خەریکە *** هەوڵ ئەدا بۆ بەرزێتی ژیانی
یەکگرن، پێشکەون *** ڕاپەڕن، سەرکەون
چاوی لێتانە دایکی وەتەن

مەکتەبە دەرمانی ئێمە *** خوێندنە ڕەهبەری ڕزگاری
هەستن ئەی لاوی کورد *** تێکۆشن دەست و برد
چاوی لێتانە دایکی وەتەن

چارەسازان کاربەدەستان *** بۆچی وا مات و بێ دەنگ و دوورن
ئۆبالی قەومی کورد *** لە ئەستۆی ئێوەیە
چاوی لێتانە دایکی وەتەن

بێکەس

# جەژنی نەورۆز

چەژنە جەژنی کوردستانە جەژنی نەورۆزە
بە تیشکی ئاگر ئەنووسم جەژنە پیرۆزە
چاوگی ئاگر هێزی گیانمە
باوەڕی بەرزی کوردستانمە
سەیری کەن، سەیری کەن، سەی ریکەن
شاخ و دەشت و شار و گوندم تاوی سەندووە
گۆڕی مەرگی دوژمنانی لێ هەڵکەندووە
پڕ بەدەم بانگ ئەکەم سەر بەرزیم ئەوێ
کوردستانە چێی شێرانە ئەبێ سەرکەوێ
مایەی شانازیمە بسوتێم و نەمێنم
بەڕوناکی لەشم پەردەی شەو ئەدڕێنم

***

چەژنە جەژنی کوردستانە جەژنی نەورۆزە
بە تیشکی ئاگر ئەنووسم جەژنە پیرۆزە
جەرگ ئەسوتێ بۆن کرووزی گەییە ئاسمان
تا لە ئێوە ئاشکرابێ ئەی هەموو جیهان
مێژومان چەند زوحاک ماری خستە چاڵ

چەند کەسی کرد بەگوڵ بۆ بەهاری ساڵ
کۆرپەکان دایکەکان بێ دەرەتانان
مۆمی هەڵگیرساون بۆ ئازادی کوردستان
چەژنە جەژنی کوردستانە جەژنی نەورۆزە
بە تیشکی ئاگر دەنووسم جەژنە پیرۆزە
ڕۆژی ئازادیە نەک زەبوونییە
ئەی منیش وەک گەلان مافم بۆ نییە
بۆچی تاوانە گەر کۆیلەی کەس نەبم
یا پلیشاوەی ژێر هەرەس نەبم
شەرتە سا گەر وایە بسوتێم و نەمێنم
بە کلّپەی خۆم مافی کوردستانم بسێنم
چەژنە جەژنی کوردستانە جەژنی نەورۆزە
بە تیشکی ئاگر دەنووسم جەژنە پیرۆزە

ع. ع. شەونم

# ئەی شەهیدان

ئەی شەهیدان ئەی شەهیدان

نامرێ ناو و نیشانتان

ئێوە بوونە ڕابەری ئێمە

بوونە پشت و سەنگەری ئێمە

ئەی شەهیدان ئەی شەهیدان

نامرێ ناو و نیشانتان

تاجی بەرزیتان لەسەرنا

دوژمنی گەلتان وەدەرنا

ئەی شەهیدان ئەی شەهیدان

نامرێ ناو و نیشانتان

تا شەهید خوێنی نەڕێژێ

تاکو گەل تاڵی نەچێژێ

ئەی شەهیدان ئەی شەهیدان

نامرێ ناو و نیشانتان

داری ئازادی شین نابێ

باخی ژینمان ڕەنگی نابێ

ئەی شەهیدان ئەی شەهیدان

نامرێ ناوو نیشانتان

# خۆشم ئەوێ

خۆشم ئەوێ خۆشم ئەوێ *** ئەم نیشتمانەم خۆش ئەوێ

تا لێدانی دڵ ئەسرەوێ *** قەت لەبەرچاوم ناکەوێ

خۆشم ئەوێ وڵاتەکەم *** کانگای هیوا و ئاواتەکەم

ئا ئەم هەوا و ئاو و گڵە *** بۆ ژیانم خوێنی دڵە

دڵ کە بولبولی سەر چڵە *** شەیدایە بۆ ڕووی ئەو گوڵە

خۆشم ئەوێ وڵاتەکەم *** کانگای هیوا و ئاواتەکەم

کوردستانە خۆشەویستم *** هەتا ماوم ئەیپەرستم [٢]

بە جوانی دیمەنی مەستم *** هاوار ئەکا هۆش و هەستم

خۆشم ئەوێ وڵاتەکەم *** کانگای هیوا و ئاواتەکەم

دڵم ئەڵێ وەک زمانم *** خۆشم ئەوێ کوردستانم

خۆشەویستی نیشتمانم *** بۆتە سەرلەوحەی ئیمانم[٣]

خۆشم ئەوێ وڵاتەکەم *** کانگای هیوا و ئاواتەکەم

خۆشم ئەوێ خۆشم ئەوێ *** ئاواتە خوازم سەرکەوێ

ناوی لەناوا دەرکەوێ *** گەشە و ڕوناکی بەرکەوێ

خۆشم ئەوێ وڵاتەکەم *** کانگای هیوا و ئاواتەکەم

کاکەی فەلاح

---

[٢] ئەوانەی ئەو دەستەواژەیە ناڵێنەوە دەتوانن بڵێن: هەتا ماوم دەیپارێزم

[٣] ئەوانەی ئەو دەستەواژەیە ناڵێنەوە دەتوانن بڵێن: بووەتە سەرلەوحەی ویژدان

# سەربەستی

هاتوومە ژیان سەربەست بم
نابێ نابێ کۆیلەی کەس بم
بۆچی کۆتم لە پێ گیر بێ؟
بۆ هاوڕێی دەستم زنجیر بێ
من سەربەستم وەکوو مەلان
دەنووک دەدەم لە ئاسمان
من سەربەستم وەکوو شەماڵ
بەستە ئەڵێم بۆ گوڵی ئاڵ
مەلی ناو قەفەزم دیوە
بە باڵەفرتە و جریوە
هەر وەکوو من هاوار دەکا
تف لە چارەی زۆردار ئەکا
سرووشت دایناوە سەربەست بم
نابێ نابێ کۆیلەی کەس بم